# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٧ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل لیزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات، بایەخ بە توێژینەوەی ڕەسەن و پێشکەوتوو لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا ، فۆلکلۆر، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی کردەکی، توێژینەوەی بەراوردکارانە، نێوان بوارە زانستییەکان، فەرهەنگناسیی کوردی، کولتووری کوردی بەگشتی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕەسەنەوە، بایەخێکی زۆر بە کێشەی زاراوەسازی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەدا. ئەم گۆڤارە توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، درێژەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردییە کە پێشتر لە سەردەمی کۆڕی زانیاری کوردیدا دەردەچوو، چەندان نووسەر و توێژەری پێشکەوتووی کورد کاریان تێدا دەکرد و بەرهەمی ڕەسەنیان تێدا بڵاودەکردەوە.

ئەمڕۆش، ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕوانینی ڕەسەن و وردەکارانەوە، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئاستی توێژینەوەی زانستی لەو بوارانەدا، درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، خواست و هیوای زۆری هەیە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گەشە بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژینەوەی کوردی بدات، بە تایبەتی لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەپێوی ئاستێکی ئەکادیمیی جیهانی بەدەست بهێنێت. ئامانجی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و پێشکەوتووە، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو بووەتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


❊ ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک

❊ دیزاین: هەرێم عوسمان

❊ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:


Web: journal.ka.gov.krd

❊ ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd

❊ مۆبایل: 009647508375575

# مجلة الاكاديمية الكوردية

العدد ٦٧ – ٢٠٢٦
مجلة علمية فصلية

(رئيس الاكاديمية الكوردية و صاحب الامتياز)
**حەمەسەعید حەسەن**

رئيس التحرير
**أ. د. محسن احمد عمر**

مدير التحرير
**د. بخشان فهمى فرحو**

هيئة التحرير
أز د. قيس كاكل توفيق
أ. د. بختيار سجادى
أ. د. فرهاد قادر كريم
أ. م. د. احمد محمد مام عثمان
أ. م. د. عبدالواحد ادريس شريف
أ. م. د. نوزاد احمد اسود
د. لزكين عبدالواحد احمد

هيئة المستشارين
أ. د. ميشيل ليزنبيرك
أ. د. مارتن فان برونسن
أ. د جليل جليلى
أ. د. سالح اكين
أ. د. جعفر الشيخ لاسلامى
أ. د. عبدالرحمن اداك
أ. د. هاشم احمدزادة

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
اربيل/ شارع هەلەبجە

## مجلة الأكاديمية الكوردية

هذه مجلة علمية موسمية تصدر عن الأكاديمية الكوردية. تسلط الضوء على الأبحاث الأصيلة والمتقدمة في مجالات اللغة والأدب والتاريخ والجغرافيا والفلكلور وعلم الاجتماع والفلسفة والعلوم التطبيقية، بالإضافة إلى الدراسات المقارنة والمتعددة التخصصات. تولي مجلة الأكاديمية الكوردية أهمية كبيرة لمسألة المصطلحات في جميع هذه المجالات، لا سيما من خلال نشر الأبحاث الأصيلة. تنشر المجلة بحوثا بالكوردية والعربية والإنجليزية. وهي امتداد لمجلة المجمع العلمى الكوردي، التي كانت تصدر سابقا في إطار هذا المجمع. وقد ساهم فيها العديد من المؤلفين والباحثين الكورد المعروفين ونشروا أعمالا أصيلة.

تواصل هذة المجلة المهمة نفسها من خلال إثراء وتحسين مستوى البحث العلمي في جميع المجالات. يهدف مجلة الأكاديمية الكوردية إلى رفع المستوى العلمي والأكاديمي للبحث الكوردي في المستقبل القريب وتحقيق شهرة دولية من حيث الفهرسة. ولذلك، فإن هدف المجلة هو نشر بحوث علمية مبتكرة ومتقدمة للغاية. نشرت العدد الأول من المجلة في سنة ٢٠٠٢. مجلة الأكاديمية الكوردية معتمدة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان ومعترف بها للترقيات العلمية.


❊ منسق شؤون المجلة: ئیمان نەجات ئاغۆک

❊ اخراج الفني: هەرێم عوسمان

❊ موقع مجلة الأكاديمية الكوردية:

Web: journal.ka.gov.krd



❊ البريد الكتروني: journal@ka.gov.krd

❊ موبايل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٥/١٢/١٣
پەسەندکردن: ٢٠٢٦/٢/٩

# لێکنەچوون لە شیعری (سالم) دا

**پ. ی. د. جەبار ئەحمەد حوسێن**
بەشی کوردی. کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەدین
Jabbar.hussein@su.edu.krd

پوختە

لەم توێژینەوەیە لێکنەچوون لە شیعری سالم دوو ئامانجی هەیە: تایبەتی و گشتی. ئامانجی تایبەتی: دەستنیشانکردن و پۆلینکردنی هونەرێکی ڕەوانبێژییە، کە تا ئێستا لە سەرچاوەکانی پێشووی ڕەوانبێژی تێبینی نەکراوە و گرنگی پێنەدراوە. ئامانجی گشتی؛ ئەگەر ستراتیجی توێژینەوەکان (لە هەموو بوارەکانی تردا، نەک تەنیا ڕەوانبێژی) بەو شێوەیە بێت، کە لە دەقە کوردییەکانەوە سەرچاوە بگرێت، نەک تیۆری ئامادە بە سەر دەقە کوردییەکاندا جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەتوانرێت تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی وردتر و زانستی تر دەستنیشان بکرێن. لە ڕووی میتۆد و کەرەستە و سنووری توێژینەوەکەوە؛ بۆ ناساندنی هونەرێکی نوێ، پێویستە لە سەرەتاوە بە وردی بناسێنرێت و بە هونەرەکانی نزیک لە خۆی یان پێچەوانەی خۆی بەراورد بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی وەسفی و بەراوردی بەکارهێنراوە، لە پۆلینکردن و شیکردنەوەی نموونەکانیشدا میتۆدی شیکاری و ئاماری بەکارهێنراوە. کەرەستە و سنووری توێژینەوەکەش شیعرە کوردییەکانی ناو دیوانی (سالم)ە. لە ڕووی میتۆدی ڕەخنەییشەوە دەچێتە چوارچێوەی ڕەخنەی هونەری. گرنگی و نوێکاری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، میتۆدێکی جیاوازی گرتۆتە بەر، کە لە ئەنجامی وردبوونەوە و قوڵبوونەوە لە دەقی کوردییەوە ئەنجامی تیۆری بەدەست هاتووە، هونەرێکی نوێی ڕەوانبێژی دەستنیشانکراوە، لە سەرچاوەکانی ڕەوانبێژی پێشوودا باس نەکراوە. لە گرنگترین ئەنجامەکانیش ئەوەیە؛ لێکنەچوون هونەرێکی پێچەوانەی لێکچواندنە، لە ڕووی داهێنانی هونەرییەوە بەرزبوونەوەیە بۆ سەرووی ئاستی هونەری لێکچواندن. ئەگەر لێکچواندن لەسەر بنەمای نزیکی و گونجان دروست بێت، ئەوا لێکنەچوون بە پێچەوانەوە لەسەر بنەمای جیاوازی و نەگونجان دروست دەبێت. سالم بە ئاگایی و بە مەبەستەوە ئەم هونەرەی داڕشتووە، ویستوویەتی کلێشەی دەربڕینی باو تێکبشکێنێت.

کلیلە وشەکان: لێکنەچوون، لێکچوون، ڕوونبێژی، ڕەوانبێژی، سالم

## پێشەکی

لێکنەچوون لە شیعری سالم لێکنەچوون هونەرێکی جیاوازە لە هونەری لێکچوون، (سالم) وەک داهێنان و نوێکارییەک ئەم هونەرەی لە پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە. ئەم هونەرە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیی کوردی بە گشتی و لە شیعری (سالم)دا بە تایبەتی بەکارهاتووە، بەڵام نەک تەنیا لە سەرچاوە کوردییەکانی ڕەوانبێژی، تەنانەت لە سەرچاوە کۆن و نوێیەکانی ڕەوانبێژیی عەرەبیشدا باسی نەکراوە؛ لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە بۆ ناساندنی ئەم هونەرە و چارەسەرکردنی ئەم گرفتە تەرخانکراوە. تایبەتی ئەم توێژینەوەیە؛ ناساندن و دەستنیشانکردن و پۆلینکردنی هونەرێکی ڕەوانبێژییە، کە تا ئێستا لە سەرچاوەکانی پێشووی ڕەوانبێژی تێبینی نەکراوە و گرنگی پێنەدراوە. ئامانجی گشتی توێژینەوەکەش ئەوەیە؛ ئەگەرچی ڕەوانبێژی لە توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا، لە هەموو بوارەکانی تر گرنگی زیاتری پێدراوە، بەڵام زۆربەی توێژینەوەکان لە ڕووی تیۆرییەوە ئەو هونەرانەیان وەرگرتووە، کە لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا باسکراون، لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی دەقی کوردی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە: ئەگەر ستراتیجی توێژینەوەکان (لە هەموو بوارەکانی تردا، نەک تەنیا ڕەوانبێژی) بەو شێوەیە بێت، کە لە دەقە کوردییەکانەوە سەرچاوە بگرێت، ئەوا تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی وردتر و زانستی تر دەستنیشان دەکرێن. گرنگی و نوێکاری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، میتۆدێکی جیاوازی گرتۆتە بەر، کە لە ئەنجامی وردبوونەوە و قوڵبوونەوە لە دەقی کوردییەوە، هونەرێکی نوێی ڕەوانبێژی دەستنیشانکراوە، کە لە سەرچاوەکانی ڕەوانبێژیی پێشوودا باس نەکراوە. بۆ ناساندنی هونەرێکی نوێ، پێویستە لە سەرەتاوە بە وردی بناسێنرێت و بە هونەرەکانی نزیک لە خۆی یان پێچەوانەی خۆی بەراورد بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی وەسفی و بەراوردی بەکارهێنراوە، لە پۆلینکردن و شیکردنەوەی نموونەکانیشدا میتۆدی شیکاری و ئاماری بەکارهێنراوە. توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێک دێت: لە تەوەری یەکەمدا زاراوە و چەمکی لێکنەچوون و پەیوەندی بە لێکچوونەوە باسکراوە. لە تەوەری دووەمدا پێکهاتە وبنیاتی ڕۆنانیی لێکنەچوون بە نموونەوە ڕوونکراوەتەوە. لە تەوەری سێیەمیشدا لێکنەچوون لە ڕووی واتا و شێوازی دەربڕینەوە بە نموونەوەخراوەتەڕوو. پاشان گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە، ئەم هونەرە ڕەوانبێژییەی لەم توێژینەوەیەدا ناسێنراوە، لە هیچ توێژینەوەیەکی پێشووی ڕەوانبێژیی (کوردی و عەرەبی و فارسی)دا باسی لێوەنەکراوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە.

### ١. تەوەری یەکەم: چەمکی لێکنەچوون و پەیوەندی بە لێکچوونەوە:

پێش ئەوەی بچینە ناو ناساندنی هونەری (لێکنەچوون) لە ڕووی تیۆرییەوە، با لەو پرسیارەوە دەستپێبکەین: (ئایا سالم بێئاگا یان بە ئاگاوە ئەم هونەرەی بەکارهێناوە؟)؛ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەتا ئاماژە بە دێڕی یەکەمی غەزەلێکی دەکەین:

حسابی نەفحەیی زوڵفت لەگەڵ مشکی خەتا ناکەم
خەتا ناکەم سەبا شاهیدمە تەشبیهی وەها ناکەم
(سالم١٩٧: ٨٥)

لەم شیعرەدا خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمە لێکچوواندن نییە و لێکنەچوونە؛ بەکارهێنانی (تەشبیهی وەها ناکەم) و پاش سەرواى (ناکەم) لەپاڵ

چەند وشەیەکی تر لە چەند دێڕێکی تری هەمان غەزەل، کە بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی لێکچوونەکان و هەڵگەڕانەوەیان بۆ (لێکنەچوون) بەکاریهێناون ، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە بە ئاگایی و بە مەبەستەوە ئەم هونەرەی داڕشتووە، وەک بانگەوازێکی تیۆریی ئاشکرایە بۆ ئەم جۆرە هونەرە، کە پێناسەی هیچکام لە جۆرەکانی لێکچواندن بەسەریدا ناسەپێت.

ئەم دێڕەش لە غەزەلێکی تردا بەڵگەیەکی ترە، کە سالم ویستویەتی هونەری لێکنەچوون بەکاربهێنێت، چونکە دەستەواژەی (شەبەهی نییە)ی بەکارهێناوە:

<u>شەبەهی</u> صەفوەتی سینەت <u>نییە</u>، بێن – فەرضەن–ئەگەر

صەدەف و لوئلوء و مەرمەڕ بکەنە صافی عەجین!

(سالم ٢٠١٥: ٦٠٨)

واتە: گریمان ئەگەر مرواری و دوڕ و مەرمەڕ پێکەوە بشێلن و مادەیەکی لێدروستکەن، وەکو پاکی و بێگەردیی سینگی تۆ نییە.

لە غەزەلێکی تری یانزە دێڕیدا(سالم ٢٠١٥: ٩٣-٩٥)، لە نۆ دێڕدا لێکنەچوونی دروستکردووە، پاش سەرەوای شیعرەکە (شکا) یە، لە پاڵ هەندێک وشەی تردا (قیمەت و حورمەت و ڕەونەق و ..) واتای شکاندنی ئاست و بەهای شتە باوەکانی گەیاندووە و چەند لێکنەچوونێکی ناڕاستەوخۆی دروستکردووە.

لە دێڕێکی غەزەلێکی تریشدا دەڵێت:

گەر بە بۆ نیسبەتی طوڕڕەت بدەمە میشکی خەتا

بۆ خەتا فەخرە بەسا، بۆ منە بەس خەبط و خەطا

(سالم ٢٠١٥: ١١)

ئەگەر بڵێم: بۆنی زوڵفت وەکو بۆنی میشکی خەتایە، بۆ زوڵفت لێکچواندنێکی هەڵە و تێکەڵکردنە، بەڵام بۆ وڵاتی چین شانازییە و پێی بەرزدەبێتەوە؛ لە لێکچواندندا لێچوو بەهۆی لەوچووەوە دەناسرێت و بەرز دەبێتەوە، کەچی لێرەدا بە پێچەوانەوە لەوچوو بەهۆی لێچووەوە دەناسرێت و بەرز دەبێتەوە؛ واتە (بۆنی ئەگریجەت) لە(بۆنی میشکی خەتا) ناچێت. ئەم دێڕەش وەک بەڵگەی ئەوەیە (سالم) نەیویستووە لێکچوواندن بکات.

بوونی ئەم هونەری لێکنەچوونە بە شێوەیەکی ئاشکرا و بەربڵاو لە شیعری سالم ئەوە دەگەیەنێت سالم ویستوویەتی ئەو کلیشەیەی دەربڕین تێکبشکێنێت، هەوڵدان بۆ گۆڕینی شێوازی دەربڕین و دووبارە نەکردنەوەی وێنەی دووبارە و سواوەکان، جگە لەوەی داهێنانی نوێ لە دەربڕین و وێنەی شیعریدا بەرهەم دێنێت، لە لایەکی ترەوە سیمایەکی نوێکردنەوەی شیعرە، چونکە دەرچوون لە شتی باو و ئاشنا و قاڵبی ئامادە، سیمایەکی سەرەکی گیانی نوێخوازییە.

کەواتە ئەو هونەرەی لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت دەستنیشانی بکەین، پێچەوانەی هونەری لێکچوواندنە، لەبەرئەوە لەسەر بنەمای پێناسە و مەبەستەکان و جۆرەکانی لێکچوواندن، هەوڵی ناساندنی دەدەین:

١-١. ناساندنی لێکنەچوون لەسەر بنەمای مەرجەکانی لێکچوواندن: لەو پێناسانەی بۆ لێکچوواندن کراون، مەرجی سەرەکی پێکهاتنی ئەم هونەرە ئەوەیە: بە لایەنی کەمەوە دەبێت لە ڕوویەکەوە ئەو دوو شتە لە یەکترییەوە نزیک بن، (سیفەتی شتێک بە شتێک بچوێنرێت، کە نزیک و هاوشێوەی بێت لە ڕوویەکەوە یان لە چەند ڕوویەکەوە ، نەوەک لە هەموو ڕووەکانەوە، چونکە ئەگەر تەواو لەگەڵیدا بگونجێت، ئەوا دەبێتە ئەو شتە. ) (ابن الرشیق١٩٨٣: ١٩٩). واتە داڕشتنی هونەری لێکچوواندن پرۆسەی (ڕێکخستنی واتا لێکنزیکەکانە، کە پێکەوە دەگونجێن و جیاواز نین لەیەکتری) (عکاوی ١٩٩٦: ٣٢١)، کەواتە ئەگەر

ئەو دوو شتە بە شێوازێکی هونەرییانە، بەڵام لەسەر بنەمای جیاوازی کۆکرابنەوە، هونەرێکی پێچەوانەی لێکچوواندن دروست دەکەن؛ ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا ناوی لێدەنێین (لێکنەچوون).

یەکێکی تر لەو مەرجانەی بۆ جێبەجێ بوونی لێکچوواندن دانراون ئەوەیە، کە (شتێک بە شتێکی لە خۆی گەورەتر و مەزنتر بچوێنرێت) (إبن الأثير، ٣٩٥:١٩٣٩) ؛ بەڵام ئەگەر لەوچوو لەو رووەوە بەهێزتر و گەورەتر بێت لە لێچوو، چۆن لە قورئاندا (بۆ نموونە): رووناکی خوا بە چرا دەچوێنرێت؟! کەواتە ئامانجەکە زیاتر روونکردنەوەیە، بۆ ئەم مەبەستەیش نموونەیەکی ناسراو و باوی ناو خەڵک دەهێنرێتەوە، نەوەک بەو مەبەستەی ئەو نموونەیە (واتە لەوچوو) لەو رووەوە لە لێچوو گەورەتر و جوانتر و ... بێت.

بەپێی زۆربەی سەرچاوە رەوانبێژییەکان بێت، لە لێکچوواندندا شتێک بە شتێکی گەورەتر و بەهێزتر دەچوێنرێت، جوان بە جوانتر و ناشرین بە ناشرینتر و ئاشکرا و روون بە ئاشکراتر و روونتر، بە پێچەوانەوە لێکچوواندنەکە ناتەواو دەردەچێت. لەم رووەوە (إبن الأثير) پێی وایە ئەم شێوازە لە لێکچوواندندا (تەنیا وەک جۆرێک لە زێدەڕۆیی پەنای بۆ دەبرێت؛ بە مەبەستی ستایش، یان زەم، یان دەرخستن و روونکردنەوە، لەم سێ واتایە دەرناچێت.) (٣٩٧)

ئەگەر لە ڕووی ئەم مەرجەیشەوە لە هونەری (لێکنەچوون) وردبینەوە: ئەو نموونە گشتی و باوەی بۆ روونکردنەوە دەهێنرێتەوە نەک ناگاتە ئاستی شتە تایبەتییەکە ، تەنانەت جیاوازە و لە شتە تایبەتییەکە ناچێت؛ واتە نموونە ناسراوەکە دەهێنرێتە ئاستێکی نزم و بێ بەها دەکرێت، لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاست و بەهای شتە تایبەتەکە؛ لەم ڕووەیشەوە بەزۆری ئەم هونەرە شێوازێکی زێدەڕۆیی وەردەگرێت.

١-٢. مەبەستەکانی لێکچوواندن:

ئەمانەی خوارەوە مەبەستەکانی لێکچوواندنن ، ئایا بۆ لێکنەچوون دەگونجێن؟ خاڵ بە خاڵ روونیدەکەینەوە:

١- نیشاندانی شیاوبوونی لێچوو: ئەمەش کاتێک کارێکی نامۆ دەخرێتەپاڵ لێچوو، کە تەنیا بە هێنانی لەوچوویەک ئەو نامۆییە دەرەوێنرێت. (الحلبی،١٨٨١: ١٩) ئەم مەرجە بۆ لێکنەچوون پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە لەونەچوو بۆ ئەوە دەهێنرێت تاوەکو لێنەچوو نامۆتر بکرێت.

٢- نیشاندانی دۆخی لێچوو: (ئەمەش لە کاتێکدا کە لێچوو سیفەتەکەی نادیار و نەناسراوە پێش لێکچوواندنی ) (عتیق، ١٩٨٥: ١٠٦)، بەڵام لە لێکنەچووندا شێوازی دەربڕینەکە وایە، کە سیفەتی لێنەچوو خۆی دیار و ناسراوە، دیارتر و ناسراوتر دەکرێت.

٣- نیشاندانی پێوانەی دۆخی لێچوو: واتە پێوانەی دۆخی لێچوو لە ڕووی هێز و لاوازی و زۆری و کەمی، ئەمەش ئەگەر لێچوو سیفەتەکەی بە گشتی ناسراو بێت پێش لێکچوواندنەکە، پاشان بەهۆی لێکچوواندنەکەوە پێوانەی ئەم سیفەتە نیشان دەدرێت. (الحلبی،١٨٨١: ١٩)؛ ئەم مەبەستە بۆ لێکنەچوونیش دەگونجێت، بەڵام شێوازی زێدەڕۆیی تیادا بەکاردەهێنرێت، بە جۆرێک کە لێنەچوو بەهێزتر و زیاتر و جوانتر و.... پیشان دەدرێت.

٤- چەسپاندنی دۆخی لێچوو: (واتە جێگیرکردنی دۆخەکەی لە دەروونی گوێگر، لە کاتێکدا ئەگەر ئەوەی خراوەتە پاڵ لێچوو، پێویستی بە پاتکردنەوە و روونکردنەوە بێت بە هێنانەوەی نموونە ) (عتیق

١٩٨٥: ١٠٨) ، ئەم مەبەستە لە کاتێکدا بەکاردێت کە لێچووەکە مەعنەوی بێت، چونکە عەقڵی مرۆڤ زیاتر بە شتی هەستی باوەڕدەکات. (عتیق، ١٩٨٥: ١٠٩)، ئەم مەبەستەیش لە هونەری لێکنەچووندا هەیە.

٥- رازاندنەوەی لێچوو: مەبەست لە جوانکردن و ئارەزوو لێکردنی لێچووە، لە رێگای چوواندنی بە شتێک، وێنە یان واتاکەی جوان بێت. (عتیق، ١٩٨٥: ١٠٩) ئەم مەبەستە لە پیاهەڵدان و لاواندنەوە و شانازی و وەسف بەکاردێت. هەردوو هونەرەکە (لێکچوواندن و لێکنەچوون) دەشێت بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنرێن.

٦- ناشرینکردنی لێچوو: )ئەمەش لە کاتێکدایە ئەگەر لێچوو ناشرین بێت، بە راستی ناشرین بێت یان وادابنرێت ناشرینە، لەوچوویەکی ناشرینتر لە خۆی بۆ دەهێنرێتەوە، کە وێنەیەکی ناشرین بۆ لێچوو لە دەروونی دروست دەکات) (عتیق ١٩٨٥: ١١٠) ئەم مەبەستەیش بە زۆری لە داشۆرین و وەسفی شتی قێزەون بەکاردێت؛ جاری واش هەیە جوانکردن و ناشرینکردن پێکەوە و لە یەک کاتدا بەکاردێن.

لە بەراوردی هەردوو هونەرەکەدا ئەم تێبینییانە دێنە بەرچاو:

– جگە لە مەبەستی یەکەم و دووەم، کە لە هونەری لێکنەچووندا پێچەوانە دەبنەوە، ئەوانی تر بۆ هونەری لێکنەچوونیش دەشێن، بەڵام لە لێکنەچووندا زیادەڕۆیی تیادا دەکرێت.

– هەموو مەبەستەکان لە هەردوو هونەرەکەدا، تایبەتن بە شتە تایبەتەکە (لێچوو یان لێنەچوو)، جگەلە جۆری ئاوەژوو کە بۆ (لەوچوو یان لەونەچوو) دەگەڕێتەوە، بەوپێیەی لە جۆری ئاوەژوودا (لەوچوو یان لەونەچوو) شتە تایبەتەکەیە.

– ئەوەی پەیوەندی بە ڕووی لێکچوونیشەوە هەیە (پێویستە ڕووی لێکچوونەکە لە لەوچوودا تەواو و بەناوبانگ بێت.) (عتیق ١٩٨٥: ١٠٩) ، بەڵام لە لێکنەچوون بەو شێوەیە نییە، ڕووی لێکنەچوونەکە لە لەونەچوودا بە ناتەواو و نەناسراو دادەنرێت کاتێک دەهێنرێتە بەردەم لێنەچوو.

ئەگەر لە ڕووی شیکردنەوەی دەروونییەوە یەکێک لە مەبەستەکانی لێکچوواندن گوزارشت بێت لە کەبت و کەموکوورِی و گرێ و پاڵنەری دیاریکراوی نووسەرێک (الموسی ٢٠١٦: ٩٣)، ئەوا لێکنەچوون ئازادبوونە لە کۆتی ئەو کەبت و گرێیانە، بەوپێیەی کە دەربڕینێکی پێچەوانەی لێکچوواندنە؛ نووسەر لە رێگای بەرزکردنەوەی ئاستی خۆی و شتە تایبەتەکانی خۆیەوە، بەسەر ئەو کەبت و گرێیانەدا زاڵ دەبێت.

## ١-٣: ئەو جۆرانەی لێکچوواندن کە لە لێکنەچوونەوە نزیکن:

هەندێک لە جۆرەکانی لێکچوواندن، تا رادەیەک لە لێکنەچوون نزیکن، هەندێکیشیان دەچنە ناو سنووری لێکنەچوون، بەڵام لە سەرچاوەکاندا بە جۆری لێکچوواندن دانراون نەک لێکنەچوون؛ یەکە یەکە ئاماژەیان بۆ دەکەین و لەگەڵ لێکنەچوون بەراوردیان دەکەین:

١- لێکچوواندنی مەرجدار: (چوواندنی شتێک بە شتێکی تر بە مەرج ) (عکاوی ١٩٩٦: ٣٤٦)، بۆ نموونە (ڕوخساری لە مانگ دەچوو ئەگەر مانگ نەگیرایە)، کەواتە لەوچوو سیفەتێکی ناشرین یان خراپ یان لاوازی هەیە و وەک ڕوویەکی لێکنەچوون دیاری دەکرێت، بەمەش ئاستی لێچوو بەرزدەکرێتەوە؛ بەڵام مەرج نییە تەنیا دەستنیشانکردنی خاڵی لاوازی بێت لە لەوچوودا، هەندێک جاریش بە

پێچەوانەوە نە بوونی سیفەتێکی بەهێز دەکرێتە مەرج، کە لە لەوچوودا نییە ، واتە (چوواندنی شتێک بە شتێک، ئەگەر ئەو سیفەتەی هەبووایە یان ئەگەر ئەو سیفەتەی نەبووایە) (الحلبی ١٨٨١: ١٧). بە هەردوو شێوەکە ڕاستە ئەو مەرجە ئاستی لەوچوو دەهێنێتە خوارەوە، بەڵام بەشێکی لێکچوونەکە هەر دەمێنێتەوە، وەک لەو نموونەیەی سەرەوەدا: لەو کاتەی مانگ دەگیرێت تاریک دەبێت، بەڵام ئەم دۆخە کاتییە و زۆربەی کاتەکانی تر ڕووناکە و لێکچوون لەنێوان ڕوخسار و مانگدا دروست دەبێت، کەواتە مەبەستی سەرەکی نزیککردنەوە و پێکچوواندنی ئەو دوو شتەیە. لە هەندێک نموونەی هونەری لێکنەچوونیشدا لێکچوواندن و لێکنەچوون پێکەوە کۆدەکرێنەوە، بەڵام لێرەدا ئامانجەکە پیشاندانی جیاوازی و لێکنەچوونەکەیە.

٢–لێکچوواندنی شاراوە (ضمنی): (لێکچوواندنێکی ناڕاستەوخۆیە؛ وەرگری زیرەک و سەرنج ورد تێبینی دەکات، لێکچوواندنێکە دوو لایەنە سەرەکییەکە –لێچوو و لەوچوو– دەرناکەون) (مایو، ٢٠٠٠: ١٥)، لە لێکدانەوەی واتاکەی دەردەکەوێت، کە بە ناڕاستەوخۆ شتێک بە شتێکی تر چووێنراوە؛ واتە وێنەیەکی ناڕاستەوخۆ پێکدەهێنرێت، کە ئامانج تیایدا نزیککردنەوەی دوو شتە لە یەکتری؛ بەڵام ئەگەر ئامانج تیایدا دوورخستنەوەی دوو شت بوو لە یەکتری، ئەمە لەگەڵ سروشتی لێکچووندا ناگونجێت و پێچەوانەی دەبێتەوە و دەبێتە (لێکنەچوونێکی شاراوە).

٣– لێکچوواندنی ئاوەژوو: لێکچوواندنی ئاوەژوو ئەوەیە کە شتە باوەکە دەبێتە لێچوو و تایبەتەکەش دەبێتە لەوچوو، واتە لێچوو دەکرێتە لەوچوو، بەوپێیەی کە ڕووی لێکچوون تیایدا بەهێزتر و دیارترە. ئەم جۆرە نموونەی زۆر کەمە، چونکە (زیدەڕۆیی تێدایە تا پلەی درۆ و مەرایی، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە بە زۆری ستایشکەران زۆر بەکاریان هێناوە) (مایو٢٠٠٠: ١٦) بۆ پیاهەڵدانی کەسێک.

زۆرجار پێچەوانەکردنەوەی شتە ئاشناکان، دەرچوونە لەو بێزارییەی بەهۆی دەقگرتنەوە دروست دەبێت، لەبەرئەوە ئەم جۆرەی لێکچوواندن نوێکاری و داهێنانی تێدایە، شتی نوێش سەرنجڕاکێشترە.

(مەرجیشە لە لێکچوواندنی ئاوەژوو وێنە ئاساییەکە ناسراو و بڵاو بێت، تاوەکو بە ڕوونی وێنە هەڵگەڕاوەکە دەربکەوێت ) (عتیق ١٩٨٥: ١٠١)؛ کەواتە ئەم جۆرەش هەر لە چوارچێوەی هونەری لێکچوونندا دەمێنێتەوە و گۆڕانکارییەکە لەوەدایە، کە ئاستی لێچوو بەرزدەکاتەوە و ئاستی لەوچوو دێنێتە خوارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووی لێکچوونەکەیان هەر دەمێنێتەوە. ئەگەر گۆڕانکارییەکە تەنیا گۆڕینەوەی لەوچوو و لێچوو نەبێت و زیدەڕۆیی بکرێت لە بەرزکردنەوەی شتە تایبەتەکە، یان هەر لە بنەماوە ئەو دوو شتە لێکنەچن، لەم بارەدا دەبێتە (لێکنەچوونی ئاوەژوو)؛ کە وەک بنیاتی لێکچواندنی ئاوەژووە لەوەدا کە لێچوو و لەوچوو جێگۆڕکێ دەکەن، بەڵام لەوەدا جیاوازە لێرەدا شتە باوەکەی بووەتە لێنەچوو لە لەونەچوو ناچێت.

٤– لێکچوواندنی پەسەندکردن (التفضیل): لەگەڵ جۆری (ئاوەژوو) زۆر نزیکن لە یەکتری، لێکچوواندنی پەسەندکردن ئەوەیە(شتێک بە شتێک دەچوێنێت، پاشان دەگەڕێتەوە و لێچوو بەسەر لەوچوودا پەسەند دەکات) (الحلبی ١٨٨١: ١٨)، لەسەرەتاوە وەک لێکچوواندنێکی ئاسایی دەردەکەوێت، بەڵام دوای پیشاندانی ڕووی لێکچوونی هەردوو شتەکە، ئاستی لێچوو لەو ڕووەوە بەرزدەکرێتەوە و بەسەر لەوچووەکەدا پەسەند دەکرێت.

٥– لێکچوواندنی دەرچوون وبادانەوە (التشبیە الدائري–الاستطرادي):

ئەم جۆرە لێکچوواندنە دەرچوون و لادان و گواستنەوەیە لە مەبەست و بابەتی سەرەکی و پاشان گەڕانەوە بۆ بابەتە سەرەکییەکە، (شاعیر دەچێتە ناو وردەکاری بەشەکانی لەوچوو و سووڕانەوە بە دەوری جوانی و مەزنیی لەوچوودا، تاوەکو زێدەڕۆیی بکات لە پەسەندکردن و گەورەکردنی لێچوودا) (قاسم، ٢٠٠٣: ١٨٠)، واتە لە گەورەکردن و جوانکردنی لەوچوودا، ئامانجەکە گەورەترکردن و جوانترکردنی لێچووە؛ بۆ نموونە: شاعیر زۆر بە وردی و زێدەڕۆیی وەسفی گوڵ دەکات، پاشان دەڵێت: بەڵام هێشتا گوڵ ناسکتر و جوانترە نییە لە ڕوخساری یاری من.

زۆرجار لە شیعردا بە شێوازی درێژکردنەوە بنیات دەنرێت، لەسەرەتادا بە چەند دێڕێک وەسفی (لەوچوو) دەکات، پاشان بە چەند دێڕێکی کەمتر وەسفی لێچوو دەکات و بەسەر لەوچوودا پەسەند و زاڵی دەکات، (بەهاکەی لە هەناسە درێژی و فراوانکردنەوەی دەربڕینەکەدایە، شاعیر لێچوو وەلادەنێت و بەردەوام دەبێت لە وێناکردن و گەورەکردنی لەوچوو، پاشان لە دێڕی کۆتاییدا دەگەڕێتەوە و لێچوو بەسەر لەوچوودا پەسەند دەکات) (قاسم ٢٠٠٣: ١٨٠).

لەڕووی پێکهاتنەوە لە (لێکچوواندنی پەسەندکردن) دەچێت، چونکە لەسەر بنەمای پەسەندکردنی لێچوو بەسەر لەوچوودا دادەمەزرێت ؛ بەڵام لە ڕووی شێوازی داڕشتنەوە پێچەوانەی جۆری (پەسەندکردن)ە، لەسەر شێوازی (باشتر نییە لە...)یان (جوانتر نییە لە...) دادەڕێژرێت، کە سەرەتا لەوچوو دێت پاشان لێچوو، کەواتە دەکرێت ناوی لێبنێین: (پەسەندکردنی ئاوەژووی نەفی)، کە بەهۆی ئەو نەفییەوە(ڕەتکردنەوەیە) لە ڕووی واتاییەوە هەر دەبێتەوە بە (لێکچوواندنی پەسەندکردن).

بەهۆی ئەم شێوازی داڕشتنەوە کە ڕەتکردنەوەی تێدایە، زۆر نزیک دەبێتەوە لە هونەری (لێکنەچوون)، ئاستی لێچوو بەرزتر دەکرێتەوە، ڕووی لێکچوونەکە دەهێڵرێتەوە و دەخرێتە پلەی بەراوردەوە (...تر)؛ بۆ نموونە کاتێک دەوترێت: (پەڕەی گوڵ ناسکتر نییە لە ڕوخساری یار)، واتە (پەڕەی گوڵ ناسکە، بەڵام ڕوخساری یار لە پەڕەی گوڵ ناسکترە)یان (پەڕەی گوڵ ناسکە، بەڵام ناگاتە ناسکی ڕوخساری یار)، کەواتە هەر دەبێتەوە بە جۆری پەسەندکردن و ڕووی لێکچوونەکەش دەمێنێتەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی لە سەرچاوەکاندا بە ڕووی لێکچوونی دادەنێن، ڕوویەکە ئەو دوو شتە تیایدا هابەشن، بەڵام لەو ڕووەوە پێوانەیان وەک یەک نین؛ کەواتە ڕاسترە بوترێت: (ڕووی هاوبەش) نەوەک (ڕووی لێکچوون).

ئەگەر وردتر بڕوانینە هەردوو جۆری (پەسەندکردن) و (دەرچوون و بادانەوە)، لەوەدا لە لێکچوواندن دەچن، کە شتێکی ناسراو و باو دەهێنرێتەوە لەو سیفەتەدا، بەڵام ئەگەر لەو سیفەتەدا لەوچوو نەگاتە ئاستی لێچوو، واتە لە ڕووی واتاییەوە لەیەک ناچن و جیاوازن، بەمەش هەردووکیان لە لێکچوواندن دەردەچن و دەچنە ناو (لێکنەچوون)ەوە؛ بۆ نموونە: کاتێک شتێک لە شتێک درێژتر بێت، واتە جیاوازن و لەیەک ناچن، کە دواتر لە تەوەری سێیەمدا ئەم دوو جۆرەی لێکچوواندن دەخەینە ناو ئاستی یەکەمی لێکنەچوون.

### ٢: تەوەری دووەم: پێکهاتەی ڕۆنانیی لێکنەچوون:

لێکنەچوون چۆن لە ڕووی بنیاتی واتاییەوە پێچەوانەی لێکچواندنە، بە هەمان شێوە لە ڕووی ڕۆنانیشەوە بنەماکانی پێچەوانە دەبنەوە،

بەم شێوەیە: لێچوو دەبێتە لێنەچوو، لەوچوو دەبێتە لەونەچوو، ڕووی لێکچوون دەبێتە ڕووی لێکنەچوون، ئامرازی لێکچوونیش دەبێتە ئامراز و نیشانەی لێکنەچوون.

٣-١: بوون و نەبوونی پێکهاتەکان:

٣-١-١: بوونی هەموو پێکهاتەکان: واتە بوونی (لێنەچوو و لەونەچوو و نیشانەی لێکنەچوون و ڕووی لێکنەچوون) لە لێکنەچوونەکەدا، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا:

- وەرە سا پەنجە لە خوێنی دڵی سالم بکە ڕەنگ
ثەبتە ئەم ڕەنگە بە دایم نییە وەک ڕەنگی حەنا
(سالم١٩٧٢: ٣٤)

(خوێنی دڵی سالم: لێنەچوو/ حەنا: لەونەچوو/ نییە وەک: ئامراز/ ڕەنگ: ڕووی لێکنەچوون)

٣-١-٢: تەنیا دوو پێکهاتە سەرەکییەکە(لێنەچوو و لەونەچوو): هیچ لێکنەچوونێک بەبێ نیشانەی لێکنەچوون دروست نابێت، لەبەرئەوە تەنیا بە دوو پێکهاتە سەرەکییەکە لێکنەچوون دروست نابێت.

٣-١-٣: نەبوونی ئامراز: لەو دێڕانەدا ئامراز بەکارنەهاتووە، گوزارشت لەجیاتی بەکارهاتووە؛ وەک:

ئەگەر ئەفشان بێ نەفحەی چینی زوڵفت
خەجاڵەت دەیگرێ ئاهووی تاتار (سالم١٩٧٢: ٥٨)

لێکنەچوونێکی ناڕاستەوخۆیە؛ بۆچی ئاهووی تاتار شەرمەزار دەبێت؟ چونکە بۆنی وەکو بۆنی زوڵفی یار خۆش نییە: (ئاهوو: لێنەچوو/ زوڵف: لەونەچوو/ نەفحە: ڕووی لێکنەچوون/ خەجاڵەت دەیگرێت: نیشانەی لێکنەچوون).

٣-١-٤: نەبوونی ڕووی لێکنەچوون: لەم نیوەدێڕەی خوارەوەدا ئەگەرچی خوێنەری شارەزا دەزانێت ڕووی لێکنەچوونەکە کەوانەیی و چەماوەییە، بەڵام لە دەربڕینەکەدا نەهاتووە:

هیلالی یەک شەوە ناگاتە ئەبرووت (سالم١٩٧٢: ٥٠)

واتە: (هیلال وەکو ئەبرۆی تۆ جوان و سەرنجڕاکێش نییە)، پێکهاتەکان ئەمانەن: (هیلال: لێنەچوو/ ئەبرووت: لەونەچوو/ ناگات: ئامراز)

٣-١-٥: بوونی دوو ڕووی لێکنەچوون:

- بە فیکری مووشکاف ئەمشەو قیامم کرد لە ڕووی زوڵفت
بە تاریشی بە طوولیشی بە قەد تاری نەبوو یەڵدا
(سالم ١٩٧٢: ٣٧)

دوو ڕووی لێکنەچوونی دیاری کردووە: (یەڵدا بە قەد تاڵی زوڵفت ڕەش و درێژ نەبوو ).

٣-١-٦: ژمارەی لێنەچوو و لەونەچووەکان لە پێکهاتەی لێکنەچوونەکەدا:

ا- پێنج لێنەچوو و یەک لەونەچوو:

مەیلی عەتر و میسک و ڕەیحان و گوڵ و خاوم نییە
گەر سەحەر بادی صەبا بێنێ بە لاما بوویی دۆست (سالم ٢٠١٥: ١٩٠)

بۆچی سالم ئارەزووی عەتر و ... ناکات؟ چونکە (بۆنیان وەکو بۆنی دۆست خۆش نییە)؛ کەواتە (دۆست) لەونەچووە و (عەتر و میسک و ڕەیحان و گوڵ و خاو) لێنەچوون.

ب- سێ لێنەچوو و یەک لەونەچوو:

شەبەهی صەفوەتی سینەت نییە، بێن – فەرضەن- ئەگەر
صەدەف و لوئلوء و مەرمەڕ بکەنە صافی عەجین!
(سالم ٢٠١٥: ٦٠٨)

سەدەف و لوئلوء و مەرمەر وەکو سینەی تۆ بێگەرد نین؛ (سەدەف و لوئلوء و مەرمەڕ) لێنەچوون و (سینە) لەونەچووە.

پ- دوو لێنەچوو و یەک لەونەچوو:

ماه ئەگەر وەک تۆ جەمالی بێ لەکوێ بێنێ قەدت
سەرو ئەگەر وەک تۆ سەهی قەد بێ لەکوێ بێنێ
جەماڵ (سالم ١٩٧٢: ٧٨)

دوو وێنەی لێکنەچووی ئاوەژووی تێدایە: (مانگ وەکو تۆ باڵای نییە، سەرو وەکو تۆ جوان نییە)، یەک لەونەچوو هەیە (تۆ=یار)، بەڵام دوو لێنەچوو هەیە (ماە،سەرو).

٣-٢: نیشانەکانی لێکنەچوون (ئامراز یان گوزارشت): بۆ دروستبوونی لێکنەچوون مەرجە نیشانەی لێکنەچوون هەبێت؛ یان بە شێوازی نەفی، یان بە بەکارهێنانی دەستەواژەیەک، یان بۆ دووپاتکردنەوەی لێکنەچوونەکە هەردوو شێوازەکە لە دێڕێکدا بەکارهاتوون.

٣-٢-١:شێوازی نەفی:

لە دارشتنی ئەو دێڕە شیعرانەی ئەم هونەرەیان تێدایە، بە زۆری ئەم شێوازە بەکارهاتووە؛ ئەمەش بۆ رەتکردنەوەی لێکچوونە، یان هەڵگەڕانەوەی بنیاتی لێکچوواندنە بۆ بنیاتێکی نوێ، کە لێکنەچوونە.

٣-٢-١-١: لە ڕووی پێکهاتەوە: ئەو ئامرازانەی بەکارهاتوون بە سێ شێواز هاتوون:

آ- هەندێکیان بەم جۆرە: (نە+...) دروستبوون؛ وەک: (نە، نەکا، نەک=نەوەک، نەبوو، نەدی)، بۆ نموونە:

- جیهان ئارایە مەه <u>ئەمما</u> <u>نەوەک</u> ڕووت
(سالم١٩٧٢: ٥٠)

- وامقیش <u>وەک</u> <u>مـن</u> لە ڕێی عەشقا جەفا و جەوری <u>نەدی</u>

گەر <u>بە میسلی</u> ڕووی دلبەر عارضی عەزرا <u>نەبوو</u>
(سالم١٩٧٢: ١٠٧)

ب- یان بە شێوازی (نا)+ (کار) دروستبوون؛ وەک: (ناگاتە، نابن، ناکا،...)، بۆ نموونە:

- هیلالی یەک شەوە <u>ناگاتە</u> ئەبرووت (سالم١٩٧٢: ٥٠)

- بە تۆ <u>نابن</u> هەموو غیلمانی جەننەت (سالم١٩٧٢: ١٥١)

- لە ڕووی غونچەی دەهانت گوڵ لە بوستانا بەها <u>ناکا</u> (سالم١٩٧٢: ١٤٠)

پ- یان ئامرازی تری وەک: (نییە، نییە وەک)؛ بۆ نموونە:

- بە نەزاکەت <u>نییە</u> گوڵ <u>وەک</u> بەدەنت (سالم١٩٧٢: ٥٣)

٣-٢-١-٢: ئامرازەکان لە ڕووی ڕۆڵەوە بە دوو شێواز ڕۆڵیان بینیوە:

آ- هەندێکیان وەک ئامراز ڕاستەوخۆ ئەرکیان لە پێکهاتەی لێکنەچوونەکەدا بینیوە، بۆ نموونە:

- بە فیکری مووشکاف ئەمشەو قیامم کرد لە ڕووی زوڵفت
بە تاریشی بە طوولیشی <u>بە قەد</u> تاری <u>نەبوو</u> یەڵدا
(سالم١٩٧٢: ٣٧)

ب- هەندێکیان بە ناڕاستەوخۆ لێکنەچوونێکی ناڕاستەوخۆیان پێکهێناوە، وەک:

- کەس <u>نەکا</u> وەسفی خەدەنگی پووری زاڵ
باسی خوێنرێژی موژەت گەر بێتە ناو (سالم١٩٧٢: ١٠٨)

واتە: شمشێری ڕۆستەم وەک برژانگی تۆ تیژ نییە.

٣-٢-٢: گوزارشتەکان:

ئەو دەربڕینانەی لە شیعری (سالم)دا بەکارهاتوون و گوزارشت لە لێکنەچوون دەکەن، یان لێکچوونی نێوان ئەو دوو شتە ڕەتدەکەنەوە

و دەیخە بەر گومانەوە، ئەمانەن: (خەتا، خەبت و خەتا، حەسرەت، درۆ، سەهوو، غەڵەط، بەتاڵ بوو،خەجاڵەت، سەرفگەندە، پایەماڵ،ئەفسانە، کەمە، شەک، لە کوێ بێنێ، ڕەشک)؛ بۆ نموونە هەندێک لەو دێڕانەی ئەو گوزارشتانەی تێدا بەکارهاتووە:

– تەنگی دەهانی دلبەرم حەسرەتی دایە گوڵڕوخان (سالم ١٩٧٢: ١١٢)

– نیگاهت گەر بە ئاهووی چین بدەم درۆی مەحضە

خەتایە گەر بڵێم میشکی خەتا هەمبوویی گێسووتە (سالم ١٩٧٢: ١٢٤)

– لە ڕەشکی لێوی تۆ غونچە شەقی برد (سالم ١٩٧٢: ١١٠)

٣-٢-٣: لە هەندێک دێڕدا ئامراز و گوزارشت پێکەوە بەکارهاتوون؛ بۆ نموونە:

بڵێم گەر وەک گوڵ و ماهە بە نەفحە و روو خەتا و سەهوە

نەدارەد گوڵ چونین بوویی نەدارەد مەه چونین روویی (سالم ١٩٧٢: ١٥٥)

(نە) وەک ئامراز و (خەتا و سەهو) وەک گوزارشت بەکارهێنراون.

٢-٣: بوونی دوو لێکنەچوون لە نیوەدێڕێک یان دێڕێکدا:

آ- لە نیوەدێڕێکدا:

– نە فەرهاد کەوتە شۆری من نە شیرین گەیبە روتبەی تۆ (سالم ١٩٧٢: ٢٢)

لە یەک نیوەدێڕدا دوو لێکنەچوون هەیە: ١- فەرهاد وەک من عاشق نەبووە. ٢- شیرین وەک تۆ جوان نەبووە.

ب- لە دێڕێکدا:

– جیهان ئارایە مەه ئەمما نەوەک رووت

هیلالی یەک شەوە ناگاتە ئەبرووت (سالم ١٩٧٢: ٥٠)

دوو لێکنەچوون لە یەک دێڕدا هەیە: لە نیوەدێڕی یەکەمدا (مانگ وەکو رووی تۆ نییە)، لە نیوە دێڕی دووەمدا (هیلال وەک برۆی تۆ نییە).

٢-٤. هەردوو هونەری لێکچوون و لێکنەچوون لە یەک دێڕ(یان یەک نیوەدێڕ)دا:

هەر لە ڕووی ڕۆنانەوە؛ هەندێک لە دێڕەکان لێکچوون و لێکنەچوون پێکەوە لە یەک دێڕدا کۆکراونەتەوە، دوو وێنەی جیاواز لە یەک وێنەدا کۆکراونەتەوە، ئامانج لە کۆکردنەوەی ئەم دوو هونەرە پێکەوە، پیشاندانی جیاوازی و لێکنەچوونەکەیە، بە پێچەوانەی (لێکچواندنی مەرجدار)ە کە ئامانجی نزیککردنەوە و پێکچواندنی دوو شتە.

بە زۆری پێکهاتەی وێنە لیکدراوەکە وایە، لە سەرەتاوە شتە تایبەتەکە بە لێکچواندنێک (یان خواستنێک) روون دەکاتەوە، پاشان بە لێکنەچوونێک شتە تایبەتەکە جیاواز دەکات و زیاتر بەرزی دەکاتەوە. لە هەندێ وێنەدا سەرەتا دوو شتەکە بە یەکتری چوێنراون، پاشان ناتەواوییەک لە شتە گشتییەکە دەدۆزێتەوە و دەیکاتە خاڵی جیاوازییان و دەبێتە لێکنەچوون؛ بۆ نموونە:

لە کەمالایە جەمالی مەهی دوو هەفتە، بەلێ

رووی وەکو رووتە، وەلێ ناقیصە، گێسوویی نییە (سالم ٢٠١٥: ٨٨٥ )

ڕاستە رووی مانگی دوو هەفتە وەکو رووی تۆیە، بەڵام مانگ پرچ و ئەگریجەی نییە و بەمەش جوانییەکەی وەکو جوانیی تۆ تەواو نییە.

ماه ئەگەر وەک تۆ جەمالی بێ لەکوێ بێنێ قەدت
سەرو ئەگەر وەک تۆ سەهی قەد بێ لەکوێ بێنێ جەماڵ؟ (سالم ١٩٧٢: ٧٨)

لەم دێڕەدا دوو لێکچواندن و دوو لێکنەچوونی تێدایە، (جەمال و قەد) لە هەردوو نیوەدێڕەکە هاتوون، لە نیوەی یەکەمدا (جەمال) دەبێتە رووی لێکچوون و (قەد) دەبێتە رووی لێکنەچوون، بەڵام لە نیوەی دووەم جێگۆڕکێ بە شوێن و ئەرکیان کراوە. دوو شتی لە بەرامبەر یار داناوە، هەر یەکەیان لە ڕوویەکەوە لە یار دەچن و لە ڕوویەکی تر لەو ناچن، بەڵام یار هەردوو سیفەتەکەی هەردوو بەرامبەرەکەی تیادا کۆبۆتەوە.

لە لایەکەوە وێنەیەکی لێکدراوی تێدایە، کە لە دوو وێنەی لێکچوونی ئاوەژووەوە دروست بووە، یەک لەوچوو هەیە (تۆ=یار)، بەڵام دوو لێچوو هەیە (ماه، سەرو). لە لایەکی تریشەوە وێنەیەکی لێکدراوی تێدایە، لە ڕێگای دوو وێنەی لێکنەچووی ئاوەژووەوە دروست بووە، یەک لەونەچوو هەیە (تۆ=یار)، بەڵام دوو لێنەچوو هەیە (ماه، سەرو).

بەڵام لەو دوو وێنە لێکدراوەی دیاریمان کردن، وێنەیەکی لێکدراوی جوانتر دروست بووە، کە لە هەر نیوە دێڕێکدا سەرەتا ڕوویەکی لێکچوون دیاری دەکات و پاشان رووی لێکنەچوونیان، ئەگەر بە ئاڕاستەی لێکچوواندنەکە سەیری بکەین؛ هەریەک لە لێچووەکان لەڕوویەکەوە لە لەوچوو دەچن و لە ڕوویەکەوە لێی ناچن، بەڵام لەوچووەکە هەردوو ڕووە لێکچوونەکەی تێدا کۆبۆتەوە، بەمەش لەوچووەکە لە هەردوو لێچووەکان بەهای جوانی باڵاترە و بووەتە لێکنەچوون.

بنەڕەتەکانی لێکچوواندنەکان: (ماه،سەرو) لێچوون، (تۆ) لەوچووە ، (جەماڵ و قەد) رووی لێکچوونن، (وەک) ئامرازی لێکچوونە.

بنەڕەتەکانی لێکنەچوونەکان: (ماه،سەرو) لێنەچوون، (تۆ) لەونەچووە، (جەماڵ و قەد) رووی لێکنەچوونن، (لە کوێ بێنێ) گوزارشتی لێکنەچوونە.

لە هەردوو وێنەکەدا (ماه) و(سەرو) هەم لێچوون و هەم لێنەچوون، (تۆ=یار) هەم لەوچووە و هەم لەونەچوو، (قەد و جوانی)یش هەم رووی لێکچوونن و هەم رووی لێکنەچوونن، بەڵام لە هەر وێنەیەکدا پێچەوانە دەبنەوە.

٣ . تەوەری سێیەم: لێکنەچوون لە ڕووی واتا و شێوازی دەربڕینەوە:

٣-١. ئاستەکانی لێکنەچوون:

لێکدانەوەی واتای دێڕەشیعرەکە زۆر گرنگە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی: ئایا لەو دەربڕینەدا ئەو دوو شتە لە ئاستی لێکچووندا ماونەتەوە یان چوونەتە ئاستی لێکنەچوون؛ لێکنەچوونیش دەبێتە چەند ئاستێک. پێش ئەوەی ئاستەکانی لێکنەچوون بە نموونەوە باس بکەین، دەتوانین بە هێنانەوەی نموونەیەکی سادە روونی بکەینەوە؛ چۆن دەربڕینێک لە لێکچوونەوە بەرەو ئاستەکانی لێکنەچوون دەڕوات:

تۆ وەک گوڵ ناسکیت (لێکچوواندنێکی سادە) ß گوڵ وەکو تۆ ناسکە (لێکچوواندنی ئاوەژوو) ß تۆ لە گوڵ ناسکتری، یان گوڵ ناگاتە تۆ (ئاستی یەکەمی لێکنەچوون) ß گوڵ لە ئاستی تۆدا شەرمەزارە، واتە گوڵ وەکو تۆ نییە (ئاستی دووەمی لێکنەچوون) ß بە بوونی تۆ گوڵ بوونی نامێنێت ( ئاستی سێیەمی لێکنەچوون).

٣-١-١. ئاستی یەکەم: (بەراورد و پلەباڵایی)

ڕاستە لێکچوواندن لەسەر بنەمای بەراوردکردنی دوو شت یان زیاتر دروست دەبێت، بەڵام مەرجە

لە ڕوویەکەوە یان زیاتر لەیەک بچن و لەیەکترەوە نزیک بن، بەڵام ئەگەر لە ئاستی یەکتری نەبوون، واتە جیاوازن و لەیەک ناچن. ئەگەر لەوچوو نەگاتە ئاستی لێچوو، واتە لە ڕووی واتاییەوە لەیەک ناچن و جیاوازن، بەمەش لە لێکچوواندن دەردەچێت و دەچێتە ناو(لێکنەچوون)ەوە؛ بۆ نموونە: کاتێک شتێک لە شتێک درێژتر بێت، واتە جیاوازن و لەیەک ناچن، دەکرێت ئەم جۆرە بە ئاستی یەکەمی لێکنەچوون دابنرێت؛ چونکە سیفەتێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لە پێوانەی ئەو سیفەتەدا جیاوازن؛ وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

- نە فەرهاد کەوتە شۆری من نە شیرین گەییە حوسنی تۆ (سالم ٢٠١٥:٥٧ )

فەرهاد عاشق بووە و شیرینیش جوان بووە، بەڵام هیچیان نە گەیشتوونەتە پلەی ئەم و یارەکەی، فەرهاد وەک سالم ئەوەندە عاشق نەبووە و شیرینیش وەک یاری سالم ئەوەندە جوان نەبووە.

- جیهان ئارایە مەه ئەمما نەوەک ڕووت
هیلالی یەک شەوە ناگاتە ئەبرووت (سالم ١٩٧٢: ٥٠)

هیچکام لە شتە گشتییەکانی بێ بەها نەکردووە، بەڵام هیچیان ناگەنە ئاستی تایبەتییەکانی یار؛ واتە پلەبەندی کردووە؛ ڕاستە مانگ ڕووناک و درەوشاوەیە، بەڵام ناگاتە ئاستی ڕوخساری یار. مانگی یەکشەوەش کە چەماوەتەوە، ناگاتە جوانی چەماوەیی برۆی یار.

### ٣-١-٢: ئاستی دووەم: (کەمکردنەوەی سیفەتی شتە گشتییەکە)

ئەگەر لە بەراوردکردندا زیاتر زێدەڕۆیی کرا و بە بەکارهێنانی دەربڕینێکی وەک (خەجاڵەت دەیگرێ، پایەماڵ، سەرئەفگەندە،...)، بەهای سیفەتی شتە گشتییەکە کەم کرایەوە، یان ئەگەر بە ڕاستەوخۆ وترا: ئەمە لەوە ناچێت، بە هەردوو شێوازەکە دەگاتە ئاستی دووەمی لێکنەچوون؛ وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

- (سالم) لە نۆ دێری غەزەلێکی یانزە دێریدا (سالم ٢٠١٥: ٩٣-٩٥)، پاشسەروای (شکا)ی لە پاڵ هەندێک وشەی تردا بەکارهێناوە: (قیمەت و حورمەت و ڕەونەق و ... )، کە واتای شکاندنی ئاست و بەهای شتە باوەکانی گەیاندووە و چەند لێکنەچوونێکی ناڕاستەوخۆی لە ئاستی دووەمدا دروستکردووە.

- لەسەر سەبزی چەمەن سەهی قەددم کە جیلوەی کرد
لە سەجدەی خاڵی لالێوی بنەوشە گەردنی خەم بوو (سالم١٩٧٢: ١١٣)

وێنەکە هونەری جوانیبایسی تێدایە؛ لاسکی گوڵی وەنەوشە بە سروشتی خۆی چەماوەتەوە و ئەمە شێوەی ڕاستەقینەی گوڵی وەنەوشەیە، بەڵام لەم دێرەدا هۆکارێکی تری هونەریی بۆ دانراوە، کە وەنەوشە کڕنووشی بۆ خاڵی لالێوی یار بردووە، بۆیە وا چەماوەتەوە، ئەگەر (سەهی قەد)، کە لەنیوەی یەکەمدا ئاماژەی بۆکردووە و ناشبێت هەروا بەبێ هۆ هاتبێت، لە بەرامبەر (گەردنی خەم) ی دابنێین، واتە وەنەوشە وەکو باڵای یار ڕێک نییە؛ لێکنەچوونی یەکەم لێرەدایە.

بۆچی وەنەوشە و خاڵ لەم وێنەیەدا پێکەوە کۆکراونەتەوە؟ مەبەست لەوەیە ئەو کاتەی یار وەنەوشەکە لێدەکاتەوە و بۆنی دەکات و لە لێوی یار نزیکدەبێتەوە، خاڵی یار دەبینێت و پێی سەرسام دەبێت و کڕنووشی بۆ دەبات، چونکە دەزانێت ڕەنگی وەنەوشەیی خاڵەکە لە ڕەنگی وەنەوشەیی ئەم (گوڵە وەنەوشە) جوانترە؛ ئەمەشیان لێکنەچوونی دووەمی ناو دێرە شیعرەکەیە.

لە هەندێک وێنەدا بە بێ یار جوانی و بەها پیرۆزەکانیش بێ بەها دەبن، وەک لەم دوو نموونەیەدا:

گەر لە حەوزی کەوسەرا ئاوی حەیات بۆم دەس بدا
ژەهرەمارێکە بەبێ تۆ قەت بەمن ناخورێتەوە
(سالم١٩٧٢: ١٣٣)

ژیانی نەمری و هەتاهەتایی بەبێ یار هیچ بەها و خۆشییەکی نییە، ژیان لەگەڵ یاردا ئەگەر کورتیش بێت خۆشتر و شیرینتر و پیرۆزترە؛ یان بە لێکدانەوەیەکی تر ژیان لەگەڵ یار نەمری ڕاستەقینەیە بەلای شاعیرەوە. کەواتە وێنەکەی ژێرەوە بەم شێوەیەیە: ژیانی کورت لەگەڵ یار بەرامبەر بە ژیانی نەمری بەبێ یار دانراوە؛ یەکەمیان پەسەندە و دووەمیان ناپەسەندە. ئەگەر سالم بیویستایە ئەو واتا و مەبەستەی هەیەتی لە شێوەی لێکچواندندا دەربرێت، دەیوت: (ژیان لەگەڵ یاردا وەک ئەوەیە ئاوی ژیانم لە حەوزی کەوسەر دەستکەوتبێت و خواردبێتمەوە و هەتاهەتایە بە نەمری بمێنمەوە)، ئەم لێکچواندنەش جوان و بەهێز دەبوو، بەڵام سالم لە بنەماوە لەوچووەکەی ڕەتکردۆتەوە و نەیویستووە لێچووەکەی خۆی بەو بچوێنێت و لێکنەچوونی دروستکردووە.

لەم دێڕەشدا ئاگری بەردەوامی زەردەشتی هێنراوەتە خوار ئاستی ئاگری زۆرداری و دڵڕەقی یار:

ئاگری جەوری دڵارامم هەتا دێ خۆش دەبێ
ناری زەردەشتی بە دائیم کەی دەگاتە خوویی دۆست (سالم ٢٠١٥: ١٩١)

٣-١-٣. ئاستی باڵا (سڕینەوە و نەمانی شتە گشتییەکە):

ئەگەر دەربڕینێک ڕەتکردنەوە و بەتاڵکردنەوە و سڕینەوەی شتە گشتییەکەی گەیاند، دەگاتە ئاستی سێیەمی لێکنەچوون، کە بەرزترین ئاستی لێکنەچوونە؛ وەک لەم نموونانەدا:

– ئەهلی دڵ بێنە تەماشای دلبەر و ئەحواڵی من
دەفتەری فەرهاد و شیرین سەربەسەر ئەفسانە بوو (سالم١٩٧٢: ١٠٧)

ئەگەر عەشقی ئەوان ئەفسانە بێت، کەواتە عەشقی ئەمان ڕاستەقینەیە، واتە نەک عەشقەکەیان لەیەک ناچن، تەنانەت عەشقی ئەوان هەر نەبووە؛ لەوەش زیاتر فەرهاد و شیرین خۆشیان هەر نەبوون، تاوەکو سالم بە خۆی و دلبەریان بچوێنێت.

– سەروکاری خەیاڵت ئیبتیدا وەختێ لەگەڵ دڵ بوو
نە بەحسی سەرکەشی گوڵ بوو نە عەهدی شۆری بولبول بوو (سالم١٩٧٢: ١١٢)

ئەو کاتەی بیر و خەیاڵت لای یار بوو؛ واتە ئەو کاتەی عەشقی من و یار لە ئارادا بوو، نە جوانی گوڵ و نە عەشقی بولبول لە ئارادا نەبوون، کەواتە نەک تەنیا جوانی گوڵ لە ئاستی جوانی یاردا و عەشقی بولبول بۆ گوڵ لە ئاستی عەشقی من بۆ یارەکەمدا نییە، تەنانەت جوانی گوڵ و عەشقی بولبول هێشتا دروست نەبوون، واتە لێکنەچوونێکی ئاوەژووی ناڕاستەوخۆی باڵایە، بەڕادەیەک کە بوونی لێنەچووەکان دەسڕێتەوە.

٣-٢: جۆرەکانی دەربڕینی لێکنەچوون:

پاش لێکدانەوەی واتای دێڕە شیعرەکان، دەتوانین بەپێی شێوازی دەربڕینەکانیان بۆ چەند جۆرێک پۆلینیان بکەین: (لێکنەچوونی ڕاستەوخۆ، لێکنەچوونی ناڕاستەوخۆ، لێکنەچوونی ئاوەژووی ڕاستەوخۆ، لێکنەچوونی ئاوەژووی ناڕاستەوخۆ).

٣-٢-١. لێکنەچوونی ڕاستەوخۆ:

لەم جۆرەدا ئامرازی لێکنەچوون بەکاردێت و ڕاستەوخۆ شتێک بە شتێک ناچوێنرێت؛ بۆ نموونە:

جەم لەززەتی خوماری وەکو من نەدی ئەبەد
نۆشیومە تا شەرابی مەحەببەت بە جامی دڵ
(سالم ٢٠١٥:٤٢٥)

جەمشید بە جامەکەی شەرابی خواردۆتەوە و سەرخۆش بووە، بەڵام هەرگیز وەکو من چێژی لە مەستی وەرنەگرتووە، چونکە ئەو لەناو جامدا شەرابی خواردووەتەوە و من لەناو جامی دڵمدا شەرابێکی مەعنەوی دەخۆمەوە کە شەرابی خۆشەویستییە.

موسکیریی چاوی ڕەشی تۆی نییە خەمری چلەمین
ڕایحەی گێسویی تۆی نییە بۆی نافەیی چین
(سالم ٢٠١٥: ٦٠٨)

شەرابی چل ڕۆژە وەکو چاوی ڕەشی تۆ کەسێک سەرخۆش ناکات، ناوکی ئاسکی چینیش وەکو پرچی تۆ بۆنخۆش نییە. لە ڕووی پێکهاتەی لێکنەچوونەوە هەردوو نیوەدێڕەکە بەم شێوەیەن: (لێنەچوو: خەمری چلەمین، نافەیی چین/ لەونەچوو: چاوی ڕەشی تۆ، گێسوی تۆ/ ئامراز: نییە، نییە/ ڕووی لێکنەچوون: موسکیر، ڕایحە ).

٣-٢-٢. لێکنەچوونی ناڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە بە بەکارهێنانی گوزارشتێک دادەڕێژرێت، لە واتاکەیەوە ڕوون دەبێتەوە کە شتە تایبەتییەکە و گشتییەکە لە یەکناچن.

- <u>خەتایە</u> گەر هەوایی عەتری گوڵ کەم تا حەیاتم بێ
ئەگەر بێنێ لە مشکی زوڵفی تۆ بۆیی نەسیم ئەمشەو
(سالم١٩٧٢: ١١٧)

لێکنەچوونێکی ناڕاستەوخۆیە؛ ئەگەر ئەمشەو شنەبای نەسیم بۆنی زوڵفی تۆم بۆ بهێنێت، کە وەکو بۆنی میسک وایە، هەتا لە ژیاندا مابم ئارەزووی بۆنی گوڵ بکەم تاوانە. لەلایەکەوە بۆنی زوڵفی یاری بە میسک چواندووە(مشکی زوڵف)، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەسەر بۆنی گوڵدا پەسەندی دەکات و (لەونەچوو)ەکە بێ بەها دەکات.

٣-٢-٣. لێکنەچوونی ئاوەژووی ڕاستەوخۆ:

لە بنیاتی لێکچواندنی ئاوەژوو دەچێت، لەوەدا کە لێچوو و لەوچوو جێگۆڕکێ دەکەن، بەڵام لەوەدا جیاوازە کە لێرەدا ئەو شتە باوەی بووەتە لێچوو لە لەوچوو ناچێت.

ئەگەر لەسەر بنەمای واتایی هەموو ئەو دێرانەی لێکنەچوونیان تێدایە، بە ڕستەی سادە دابڕێژینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی زۆربەی لێکنەچوونەکان ئاوەژوون، چونکە هونەری لێکنەچوون وەک دەربڕینێکی زێدەڕۆییانە بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتووە، کە بڵێت: ئەوەی لە لێکچوواندندا بە (لەوچوو) دادەنرێت لە (لێچوو)ی ناو خەیاڵی من ناچێت؛ کە لەزۆربەی ئەو دێڕانەدا لێنەچووەکە خۆی یان یارە.

ئەگەر ئەم دەربڕینە: ((بە نەزاکەت نییە گوڵ وەک بەدەنت)) (سالم١٩٧٢: ٥٣) لەگەڵ دێرە ناسراوەکەی مەولەوی: ((گوڵ چوون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان)) (مەولەوی، ١٣٨٢: ٤٣١ ) بەرامبەر بکرێت، ڕوون دەبێتەوە کە ئەم هونەرە پێچەوانەی لێکچواندنی ئاوەژووە.

-تووشی دەردێ هاتووم (سالم) لە عەهدی چاوی یار
شێخی صنعان بەم سیاقە شیفتەی تەرسا نەبوو
(سالم١٩٧٢: ١٠٧)

لێکنەچوونەکە بەم شێوەیە: شێخی سەنعان وەکو من عاشقی یاری خۆی نەبووە؛ شێخی سەنعان لێنەچووە و سالم لەونەچووە.

وامقیش وەک من لە ڕێی عەشقا جەفا و جەوری نەدی

گەر بە میسلی ڕووی دلبەر عارضی عەزرا نەبوو (سالم١٩٧٢: ١٠٧)

لە هەر نیوەدێڕێکدا لێکنەچوونێکی ئاوەژووی ڕاستەوخۆ هەیە؛ یەکەم: (وامیق وەکو من ستەمی لێنەکراوە)، دووەمیش: (ڕووخساری عەزرا وەکو ڕووخساری یاری من جوان نەبوو ).

٣-٢-٤. لێکنەچوونی ئاوەژووی ناڕاستەوخۆ:

ئەگەر لێکچوواندنی ئاوەژوو لە لێکچوواندنی ئاسایی هونەری تر بێت، ئەوا لێکنەچوون لە هەردووکیان هونەری ترە، لەم دێڕی خوارەوەدا سالم پلەیەکی تریش داهێنانەکەی بەرزتر کردۆتەوە بەوەی لێکنەچوونێکی ئاوەژووی ناڕاستەوخۆی لێکداوی دروست کردووە، کە لە تەوەری پێشوودا وێنەکانمان دەستنیشانکردووە:

ماه ئەگەر وەک تۆ جەمالی بێ لەکوێ بێنێ قەدت

سەرو ئەگەر وەک تۆ سەهی قەد بێ لەکوێ بێنێ جەماڵ؟ (سالم١٩٧٢: ٧٨)

هەروەها لەم نموونەیەشدا:

لە ڕەشکا گەر سەراسەر نوطقی تووتی بێتە سەر هەجوم

لەسەر مەدحی لەبی شیرینی تۆ وەصفی شەکەر ناکەم (سالم ٢٠١٥: ٤٧٤)

ئەگەر لێوی یار بە شەکر بچوێنم لە شیرینیدا، واتە شەکر پلە یەکە و لێوی یار پلە دووە، لەبەرئەوەش کە تووتی حەزی لە شەکرەو بەلایەوە لە هەموو شتێک شیرینترە، ئەم لێکچوواندنە دەبێتە وەسف و پیاهەڵدانی شەکر و تووتیش پێی خۆش دەبێت. بەڵام ئەگەر بڵێم: شەکر وەکو لێوی یار شیرین نییە، واتە لێوی یار شیرینترە، تووتی ئەم قسەیەی پێ خۆش نییە و جنێوم پێدەدات، چونکە ئیرەییم پێدەبات کە هەڵبژاردەی من( لێوی یار) لە هەڵبژاردەی ئەو(شەکر) شیرینترە، (یان پێی ناخۆشە کە شەکرم پێ شیرین نییە).

دێـڕە شیعرەکە لەسەر بنەمای دژیەکی و بەرامبەری و لێکنەچوون بنیاتنراوە: (تووتی و شەکر و هەجوو) لە بەرامبەر (من و لێوی یار و مەدح)؛ شەکر وەکو لێوی یار شیرین نییە، لە هەردوو وشەی (مەدح و هەجوو) یش واتایەکی تری ژێرەوە هەیە ؛ کە زمانی تووتی وەکو زمانی من شیرین نییە، چونکە تووتی جنێو دەدات و من ستایش دەکەم، کەواتە من و تووتیش لە یەک ناچین. بە لێکدانەوەیەکی تریش دەشێت (تووتی) وەک خواستنێک لە جیاتی (شاعیرانی لاسایکەرەوە) بەکارهاتبێت، کە هەمیشە لێوی یاریان بە شەکر چوواندووە.

-لە ڕەشکی لێوی تۆ غونچە شەقی برد

لە خەندەت موعجیزەی شق القمر بوو (سالم١٩٧٢: ١١٠)

نیوە دێڕی یەکەم بە دوو واتا لێکدەدرێتەوە؛ دەربڕینی (شەقی برد) بە دوو واتا دێت: (درزی برد= لێکترازانی پەڕەکانی خونچەگوڵ)، واتە خونچەکە کرایەوە، یان بە واتای (لە داخ و حەسرەتێکی زۆر دوو کەرت بووە = لە داخا شەقی برد)؛ بە هەردوو واتاکە دەبێتە هونەری(جوانیبایس) و لێکنەچوونێکی ئاوەژووی ناڕاستەوخۆ دروست بووە؛ لە ڕووی لێکنەچوونەوە: مادام خونچە حەسوودی دێت، کەواتە وەکو لێوی یار ناسک و جوان نییە و لێکناچن.

نیوە دێڕی دووەمیش هونەری (جوانیبایس)ە، بەو پێیەی هۆکاری موعجیزەی (شق القمر) ناسراوە، بەڵام لێرەدا ئەم هۆکارە بەلاوە نراوە و هۆکارێکی تری جوانی بۆ دۆزراوەتەوە کە خەندەی یارە؛ بە ناڕاستەوخۆ لێکنەچوونێکی ئاوەژووە، بەو واتایەی مانگ وەکو خەندەی تۆ جوان نەبوو، کە بەهۆی

خەندەتەوە دوو لێوت لەیەک ترازان، مانگیش درزی تێکەوت و لە داخا بوو بە دوو کەرتەوە.

٣-٣: لە ڕووی کەرەستەوە:

لە شیعری کلاسیکیدا (ئەو و خود) چەقی بابەتی شیعری دڵدارییـن، بۆ روونکـردنـەوە و دەربڕینی ئەو بیر و سۆز و خەیاڵەی لای شاعیر دروستبووە، پەنای بردۆتە بەر سروشت و ژینگە و ئەو کەرەستانەی لای خەڵک ناسراو بوون، تاوەکو وێنەی دۆخە تایبەتییەکەی خۆی و یار روون بکاتەوە، لەم شێوازە دەربڕینەشدا لە زۆرینەی وێنە شیعرییەکانیاندا (جگە لە چەند وێنەیەکی دەگمەن لە دیوانی هەر شاعیرێکدا کە بەشێوازی لێکچواندنی ئاوەژوو دروست بووە)، سروشت و کەرەستەکان(شتە گشتییەکان) پلەی یەکەم و باڵا وەردەگرن و خود و یاریش(شتە تایبەتەکان) پلەی دووەم وەردەگرن؛ بۆ نموونە کاتێک ڕوخساری یار بە مانگ چوێنراوە، واتە جوانی مانگ هەموو خەڵک (بە شاعیر خۆشیەوە) لەسەری ڕێککەوتوون و گومانی تێدا نییە و پلەی باڵای وەرگرتووە، شاعیر بەوە رازییە، کە خەڵک باوەڕی پێبکەن یارەکەی ئەمیش وەک مانگ جوانە، ئەمەش بەخشینی پلەیەکی نزمترە بە یار؛ ئەمە لە لێکچوواندندا بەم شێوەیە، بەڵام لێکنەچوون لەسەر بنەمای زێدەڕۆیی بنیات دەنرێت ، کە (تایبەتییەکەی خۆی) لە پلەیەکی باڵاترە، ئەو لەوچووەی لای شاعیرانی تر باوە لەم تایبەتییەی ئەم ناچێت.

لەو نموونانەی لێکنەچووندا لە دیوانی سالمدا دیاریمانکردوون، کە نزیکەی (٨٠) وێنەی لێکنەچوونن، لە زۆربەیاندا کە بە نزیکی دەکاتە ڕێژەی (٨٥٪) ی وێنەکان ئامانجی هونەرەکە پیشاندانی سیفەتی جوانی یارە، بۆ ئەم مەبەستەیش پەنای بۆ چەند کەرەستەیەک بردووە، کە لەم خشتەیەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

| یار و تایبەتمەندیی یار | کەرەستە گشتییەکان |
|---|---|
| دلبەر-یار-تۆ | گوڵ/گوڵڕووخان/غونچە/سەروو/سنەوبەر/حۆری جەننەت/ غیلمانی جەننەت/ شیرین/شەکەر/ تەرسا/ عەزرا/ مەە/ تووتی/ خاوەر |
| صورەتی یار | صنم |
| روو- عاریض | مەە/مەهرووخی/ مانگی دوو هەفتە/ گەوهەر/ زەڕ/ زێوەر/ لالە |
| یادکردنەوەی رووی یار | چرا |
| بەدەن | گوڵ |
| قەد و قامەت | شمشاد/ عەرعەر/ سەروی رەعنا |
| ناوقەد | موو |
| سینە | صدف/ لوئلوء/ مەرمەڕ |
| ناصییە(تەوێڵ) | صوبحی عید |

| | |
|---|---|
| چاو- دیدە | چاوی ئاهووی خەتا/ ساغەر/ خەمر/ نەرگس |
| نیگای یار | نیگای ئاهوویی چین |
| غەمزەی چاوی مەخمووری یار | سیحر و جادوو |
| برۆ | میحراب/ هیلالی یەکشەوە (مانگی یەکشەوە)/ تیغی جەللاد |
| موژە | خەدەنگی پووری زاڵ/ خەنجەر |
| دەهەن- دەم | غونچە/ گوڵ/ قەند و نەبات |
| لەب | دەریا/ یاقووت/ عەقیق/ لەعل/ شەکەر/ خونچە/ خاتەمی سولەیمان |
| خەندەی یار(ترازانی لێوی یار) | شق القمر |
| ماچ | ئاوی بەقا |
| خاڵی لالێوی یار | بنەوشە |
| خاڵی رووی یار | ئەجرامی فەلەک |
| دندان | مەرجان |
| بۆیی دۆست | عەتر/ میسک/ رەیحان/ گوڵ/ خاو |
| نەفحەیی زولف/ بۆنی: زولف، گێسوو، تورە | مشکی خەتا/ ئاهوویی تاتار/ عەتری گوڵ/نافەیی چین/ نافەیی ئاهوو/ عەنبەر |
| زولف | یەڵدا |
| ڕەشی تورەیی گێسوویی یار | سەوادی مەغریب |
| لەنجەی یار | سەرووی ئیرەم |
| ئاوازی یار | ئاوازی تووتی |
| ژیان لەگەڵ یار | ئاوی حەیات |
| ئاگری ستەمی یار | ئاگری زەردەشتی |
| لیباسی یار | قەسەب |

لە کۆی لێکنەچوونەکاندا تەنیا لە (١٥٪) ی وێنەکاندا عەشقی خۆی پیشانداوە، کە تیایاندا عەشقی خۆی نەچوواندووە بە عەشقی (فەرهاد و وامق و شێخی سەنعان و بولبول)، هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین:

| سالم و تایبەتمەندییەکانی خۆی | کەرەستە گشتییەکان |
|---|---|
| سالم | فەرهاد و وامق و شێخی سەنعان وجەم و بولبول و تووتی |
| خوێنی دڵ | ڕەنگی خەنە |
| تابی دڵ | جۆششی مەجمەر |
| فرمێسکی خوێنین | فلك الاطلس(چەرخی گەردوون) |
| نینۆکی سالم | تیشەی فەرهاد |
| سوخەنی سالم | قەڵەم(قامیش) |
| خاطری سالم | پێچی سونبول |

زۆربەی لێنەچوو و لەونەچووەکانی وێنە شیعرییەکان، هەمان ئەو کەرەستانەن لە هونەری لێکچوواندن لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتوون، بەڵام سالم بە دەربڕینی نوێ و بە هونەرێکی نوێ؛ وێنەی نوێی لێدروستکردوون.

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتوون، ئەمانەن:

– لێکنەچوون پێچەوانە و ڕەتکردنەوەی لێکچوونە، لە ڕووی داهێنانی هونەرییەوە بەرزبوونەوەیە بۆ سەرووی ئاستی هونەری لێکچوواندن، لەبەرئەوە چ لە ڕووی ڕۆنان و چ لە ڕووی کەرەستە بەکارهاتووەکانیشەوە، لەسەر بنەمای هەڵگێڕانەوەی لێکچوواندن دروست دەبێت.

– ئەگەر لێکچوواندن لەسەر بنەمای نزیکی و گونجان دروست بێت، ئەوا لێکنەچوون بە پێچەوانەوە لەسەر بنەمای جیاوازی و نەگونجان دروست دەبێت.

– لە لێکنەچووندا شتە تایبەتییەکە لە سەرووی ئاستی شتە گشتییەکەدایە.

– لە سەرچاوەکانی ڕەوانبێژیدا ئەو جۆرە لێکچوواندنانەی تەنیا لێچوو و لەوچووی تێدایە لەگەڵ لێکچوواندنی ئاوەژوو، بە بەهێزترین جۆریان دادەنێن لە ڕووی هونەرییەوە، بەڵام لێکنەچوون لەڕووی شێوازی دەربڕین و واتاییەوە لە هەموو جۆرەکانی لێکچوواندن ئاستی هونەریی بەرزترە.

– لە ڕووی ڕۆنانەوە هیچ لێکنەچوونێک بەبێ نیشانەی لێکنەچوون (ئامراز یان گوزارشتێک) دروست نابێت.

– لێکنەچوون سێ ئاستی هەیە: ئاستی یەکەم ئەوەیە لێنەچوو و لەونەچوو هەرچەندە لەو سیفەتەدا هاوبەشن، بەڵام لە پێوانەدا جیاوازن(ئەو جۆرانەی لێکچوواندن کە پەسەندکردنی شتە تایبەتەکەیان تێدایە، دەچنە ناو ئەم ئاستەی لێکنەچوون)؛ بەڵام لە ئاستی دووەمدا شتە گشتییەکە بێ بەها دەکرێت و دەشکێنرێتەوە؛ ئاستی سێیەمیش سڕینەوەی شتە گشتییەکەیە، کە دەگاتە ئاستێکی باڵای هونەری.

– دەربڕینی لێکنەچوون چەند شێوازێکی هەیە: (ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، ئاوەژووی ڕاستەوخۆ، ئاوەژووی ناڕاستەوخۆ).

–ئەگەر لەسەر بنەمای واتایی هەموو ئەو دێڕانەی

لێکنەچوونیان تێدایە، بە رستەی سادە دابڕێژینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی زۆربەی لێکنەچوونەکان ئاوەژوون، چونکە هونەری لێکنەچوون وەک دەربڕینێکی زێدەڕۆییانە بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتووە، کە بڵێت: ئەوەی لە لێکچوواندندا بە (لەوچوو) دادەنرێت لە (لێچوو)ی ناو خەیاڵی من ناچێت.

– سالم بە ئاگایی و بە مەبەستەوە ئەم هونەرەی دارشتووە، ویستوویەتی کلێشەی دەربڕینی باو تێکبشکێنێت و و باڵادەستی خۆی لەم هونەرەدا بخاتە ڕوو.

– ئەو کەرەستانەی سالم لە پێکهاتەی لێکنەچوونەکاندا بەکاریهێناون، هەمان ئەو کەرەستانەن لە هونەری لێکچوواندن لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا بەکارهاتوون، بەڵام سالم بە دەربڕینی نوێ و بە هونەرێکی نوێ؛ وێنەی نوێی لێدروستکردوون.

– نزیکەی (٨٠) وێنەی لێکنەچوونمان لە دیوانی سالمدا دیاریکردووە، رێژەی (٨٥٪) ی وێنەکان ئامانجی هونەرەکە پیشاندانی سیفەتی جوانی یارە. تەنیا لە (١٥٪) ی وێنەکاندا عەشقی خۆی پیشانداوە.

– لە لێکنەچوونەکانی سالم دا هەموو نموونەکان بۆ وەسفی جوانی یار و پیشاندانی حاڵی خۆیەتی و هیچکامیان بە مەبەستی داشۆرین و ناشرینکردن بەکارنەهاتوون، کە یەکێکە لە مەبەستەکانی لێکچوون و لێکنەچوون.

## سەرچاوەکان


به کوردی

– سالم (١٩٧٢)، دیوانی سالم چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی کوردستان.

– سالم (٢٠١٥)، دیوانی سالم بەرگی یەکەم، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و ئەوانی تر، سلێمانی، بنکەی ژین.

– سالم (٢٠١٥)، دیوانی سالم، بەرگی دووەم، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و ئەوانی تر، سلێمانی، بنکەی ژین.

– مەولەوی، (١٣٨٢)، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی دووەم، سنە، انتشارات کردستان.

به عەرەبی

– إبن الأثير، (١٩٣٩)، المثل السائر في أدب الكاتب و الشاعر، ج١، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، القاهرة، مطبعة البابي الحلبي.

–الحلبى(١٨٨١)، شهاب الدين أبي الثناء محمود بن سليمان، القاهرة، مطبعة الوهبية.

– عتيق(١٩٨٥)، د.عبدالعزيز، علم البيان، بيروت، دار النهضة العربية.

– عكاوى، (١٩٩٦)، د.انعام فوال، المعجم في المفصل في علوم البلاغة، ط٢، بيروت، دار الكتب العلمية.

– قاسم(٢٠٠٣)، د.محمد احمد و د.محي الدين ديب، طرابلس–لبنان، المؤسسة الحديثة للكتاب.

– القيرواني،(١٩٨٣)، ابى على الحسن بن رشيق، العمدة في الصناعه الشعر و نقده، تحقيق و شرح: د.مفيد محمد قميحة، بيروت، دار الكتب العلمية.

–مايو، (٢٠٠٠)، قدري،المعين في البلاغة، بيروت، عالم الكتب.

– الموسوى، (٢٠١٦)، د. انور عبدالحميد، البلاغة العربية و التحليل النفسي، بيروت، دار النهضة العربية.

Abstract

Non-Similarity in the Poetry of Salim

This research, titled: Non-Similarity in the Poetry of Salim. Pursues two objectives (specific and general). The specific objective is to identify and classify a rhetorical device that has not been previously noted in classical rhetorical sources nor given sufficient attention. The general objective proposes that if research methodologies (across all disciplines, not just rhetoric) adopt an approach rooted in Kurdish texts as primary sources (rather than applying ready-made theories to them), the characteristics of Kurdish literature could be identified with greater precision and academic rigor.

Research Methodology, Tools, and Scope: To define a new literary device, it must first be meticulously described and then compared with similar or contrasting devices. Therefore, this study employs descriptive and comparative methods, while utilizing analytical and statistical approaches for classifying and interpreting examples. The research material consists of Kurdish poems from Salim's collected works (diwan). Research Significance and Originality: The study's importance lies in its adoption of a distinctive methodology that examines Kurdish texts to derive theoretical frameworks, leading to the identification of a novel rhetorical device unmentioned in traditional rhetorical sources. Key Findings: Non-similarity is a rhetorical device that opposes simile, representing a higher artistic plane. While simile is constructed on principles of resemblance and harmony, non-similarity is founded on difference and discord. Salim consciously and purposefully crafted this device, aiming to break conventional modes of expression.

keywords, Non-Similarity, Simile, rhetoric, Salim

الملخص

اللاتشابه في شعر سالم

عنوان هذا البحث (اللاتشابه في شعر سالم)، ويضم هدفين: خاصا وعاما. أما الهدف الخاص، فيتمثل في تحديد وتصنيف فن بلاغي لم يؤبه له في المصادر البلاغية السابقة، بينما الهدف العام يكمن في اقتراح منهجية بحثية تعتمد على النصوص الكوردية مصدرا رئيسيا (بدلا من تطبيق نظريات جاهزة عليها)، مما يتيح تحديد خصائص الأدب الكوردي بشكل أكثر دقة وعلمية. منهجية البحث وأدواتـه: لتعريف فن جديد، لا بد من وصفه بدقة منذ البداية ومقارنته بفنون أخرى مشابهة أو معاكسة. لذلك، استخدم المنهج الوصفي والمقارن، وفي تصنيف الأمثلة وتحليلها، اعتمد المنهج التحليلي والإحصائي. أما المادة البحثية فتمثلت في القصائد الكردية ضمن ديوان (سالم). الأهمية والحداثة: يتميز البحث بمنهجيته الفريدة القائمة على تحليل النص الكوردي لاستنباط النظرية، مما كشف عن فن بلاغي جديد لم تشر إليه المصادر التقليدية. أبرز النتائج: اللاتشابه فن معاكس للتشبيه، وهو يرتقي فنيا إلى مستوى أعلى منها. إذا كانت التشبيه تبنى على أساس التقارب والتوافق، فإن اللاتشابه يبنى على الاختلاف وعدم التوافق. وقد صاغ (سالم) هذا الفن بعمدية واضحة، ساعيا إلى تحطيم قوالب التعبير المألوفة.

الكلمات المفتاحية: اللاتشابه، التشبيه، البيان، البلاغة، سالم